# خۆشەویستی لەهەندێک ڕوانگەوە...!

سەروەر کەریم

بوونی دیدو تێڕوانینی جیاواز و جۆراو جۆر بۆ چەمکی خۆشەویستی و هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی لەو چەمکە وامان لێدەکات پەنا بۆ هەندێک نموونە بەرین تا ئەوەی بتوانین ئاستێک لەتێگەیشتن، لەسەر ئەو لایەنە گرنگەی ژیانی مرۆڤ ئاشکرا بکەین و هەوڵی خوێندنەوەیەکی مەعریفیانە و لۆژیکیانە بدەین، لەسەر چەمکی خۆشەویستی. یەکێک لەو ئایینانەی کە زۆر قسەی لەسەر چەمکی خۆشەوستی کردووە و گرنگی زۆری پێداوە، ئاینی مەسیحیەو لە ڕێگەی نامەکانی پۆڵس زۆرترین قسەی لەسەر چەمکی خۆشەویستی کردوە و کردویەتە سەرچاوەی گەڕانەوەی ژیانی ئینسان بۆ یەکگرتنەوە و دورکەوتنەوە لەدابڕان و تەنهایی.

نامەکانی پۆڵس ئاماژەکان ئاشکرا دەکەن، کە ژیان بەبێ بوونی خۆشەویستی مانایەکی نی یەو (گەرچی زۆرترین جار خۆشەویستی ئا یینی خۆشەویستی خوا وەندە)، مرۆڤەکان بە بێ خۆشەویستی ناتوانن لە ژیانێکی ئارام و ئاسودەدابن، پۆڵس زیاتر لەوەش جەخت دەکاتەوە، کە خۆشەویستی لەسامان و لەقوربانی دانیش گەورەترەو ئەگەر هەر چیت هەیە بەسەر خەڵکیدا دابەشی بکەیت و خۆشت بکەیتە قوربانی، بەڵام خۆشەویستیت تیا نەبێت هیچ سودی نی یە و هیچت بەرناکەوێت.

پۆڵس دەڵێت[1] (ئەگەر بەزمانی هەموو خەڵکی سەر زەوی و فریشتەکان ووتوێژ بکەم و عاشق نەبم، ئەوا دەنگ دانەوەم بە ئەندازەی مس دەنگ دەداتەوە، ئەگەر خاوەنی بەهرەی پێشبینی بم و شارەزای تەواوم لە بارەی هەموو نهێنی و زانستێک هەبێت، و ئەگەر بیرو باوەڕم بگاتە ئەو ڕادەیەی کە بتوانم کێوەکان جێبەجێ بکەم، و عاشق نەبم، هیچم، ئەگەر تەواوی سەروەت و سامانم بەسەر خەڵکی فەقیر دابەش بکەم و بگرە ئەگەر لەشی خۆم لە پێناوی خوا بە ئاگر بسپێرم و خاوەنی عشقێک نەبم. هیچ سودێک بەخۆم ناگەیەنم). پۆڵس زۆر ئاشکرایانە قسە لەسەر ئەو لایەنە هەستەوەریەی مرۆڤ کردووەو هەموو شتەکانی لە بەرامبەر خۆشەویستی و عەشقدا سفر کردوەتەوە و جوانی ژیان و گەشەکردنی بەستوەتەوە بە بوونی خۆشەویستی یەوە و بەبێ بوونی ئەو هەستەش، هەموو شتەکانی مرۆڤ و جوانیەکانیش هیچ سودێکیان نی یە.

ئایینەکان بە شێوەیەکی گشتی قسەیان لەسەر خۆشەویستی کردووە، یان تەنها لە ڕێگەی دەربڕینی ووشەوە هەستی خۆیان بۆ چەمکی خۆشەویستی دەربڕیوە، ڕستەکانی پۆڵس لە بارەی خۆشەویستیەوە تەنها ئاماژەدانە بە لایەنگری کردن لە خۆشەویستی، ئەویش لە نامەئلوف دا، واتە دیار نی یە ئەو پێ لەسەر خۆشەویستی مرۆڤ دادەگرێ، کە گرنگە یاخود خۆشەویستی خودایە، کەوا دەکات خۆشەویستی لە نێوان مرۆڤەکاندا دروست بکات، ئەم دوو ڕوانینە لە بۆچونەکانی پۆڵس و ئاییندا زۆر ئاشکرایە، گەرچی ئەو دوو ئاراستەیە لە بەرامبەر یەکدا بەهاوتەریبی دەڕۆن، هەر جارەی بە لایەکدا لاسەنگ دەبێت، بەڵام لە گشتیدا تەنها خۆشەویستی خواوەند گرنگە. گەرچی لە ئینجیل دا ئاماژە بەدیاری کردنی جۆرێکی یەک لایەنە بە خۆشەویستی دەکات، بە مانایەکی تر بەدیاری کراوی قسە لەسەر پرۆسەی هاوسەری دەکات و پێی وایە ئەو دووانەی هاوسەری هەڵدەبژێرن خودا بەیەکی

گەیاندون و مرۆڤ ناتوانێت لێکیان جیا بکاتەوە، لەوەشدا مەبەستی ئینجیل ڕوون نی یە کە ئایا ئەو دوانە (ژن — پیاو)، کە هاوسەری هەڵدەبژێرن لە خۆشەویستی یەوە، یاخود ئەرکێکی ئایینیە بۆیە مرۆڤ ناتوانێت لێکیان جیا بکاتەوە، بەڵام بەپێی تێکستەکەی ئینجیل ئاماژە بە خۆشەویستی نێوان (ژن — پیاو) نەکراوە تەنها ئاماژە بەوە کراوە کە خودا بەیەکی گەیاندون و دەڵێت[٢] (پیاوێک دایک و باوکی بەجێ دەهێڵێت، لەگەڵ ژنەکەی جووت دەبێت و هەردووکیان دەبنە یەک لەش، ئیتر دوو نین، بەڵکو یەک لەشن. ئەوەی خودا بەیەکی گەیاندووە، مرۆڤ جیای ناکاتەوە)..

ئاشکرا کردنی هێمای خۆشەویستی لەسەرو ئیرادەی خودی ئینسان و گەڕانەوە بۆ یەکگرتنەوە دوور لە ئیرادەی خودی، هیچ کات ناتوانێت ئەو یەکگرتنە ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت و ئەو دوانە (ژن و مێرد) ژیانێکی پڕلە خۆشەویستی بەسەر بەرن و جیانەبنەوە، ئەگەر قیودە کۆمەڵایەتیەکان زنجیریان نەکەن (لە بەشەکانی تری ئەم باسەدا باسی بێزاری ژن و مێردەکان و ژیانی هاوسەری و خۆشەویستی و جیابوونەوەو نەگونجانی ئەو ژن و پیاوانە دەکەین، کە بەبێ خۆشەویستی لە پرۆسەی هاوسەریدان). ئەگەر لە ڕووی لۆژیکی و مەعریفیەوە سەیری ئەو تەعبیرەی ئینجیل بکەین، بۆ پێکەوە ژیانی هاوسەری وخۆشەویستی مانایەکی واقیعی نادات بەوەی ئەو دوانە خۆشەویستی دەکەن، یان هەستی خۆشەویستی گەیاندونی بە قۆناغی هاوسەری، بەڵکو سونەتی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە و دەسەڵاتی ئایینی بڕیاری ئەو پێکەوە بوونەی داوە و ژیانیان پێکەوە لە چوار چێوەی هاوسەری ئاینیدا جگە لە ئازارو بێزار بوون مانایەکی تری نەبووە، ئەمەش بەو مانایەنییە هەموو هاوسەریەکانی چوار چێوەی ئاینی دواتر خۆشەویستی لێنەکەوتۆتەوە....

بەدوای قۆناغی سەرەتایی ئایینەکان داو فراوان بوونی هەستی خۆشەویستی کە لای تاکەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و جۆری پەیوەندیەکان، خۆشەویستی لە قۆناغی گوزارشت کردن و تاک، ئاراستەییەوە دەگۆڕێ وجۆرەکانی خۆشەویستی سەرهەڵدەدات. بەمانایەکی تر پێناسە و ڕوانینی جیاوازتر بۆ چەمکی خۆشەویستی وشیکردنەوەی ئەو پەیوە ندیە سەر هەڵدەدات. واتە خۆشەویستی چەند ئاراستەیەک وەردەگرێ و لە گشتی دا و بەبێ ئامانجی دیاری کراوی دوو لایەنە نامێنێت و بگرە مرۆڤەکان خودی خۆیان جۆری خۆشەویستی و گوزارشت کردن لە هەستەکانیان دیاری دەکەن. بۆ نمونە خۆشەویستی دایک بۆ منداڵەکانی، جۆرێکە لە خۆشەویستی و هیچ ماکێکی بەرژەوەندیانەی نی یەو، لە سەرەتای دروست بوونی کۆمەڵگای مرۆژایەتی یەوە خۆشەویستی دایکانە هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتوە و هەموو دایکەکان نەوەکانی خۆیان خۆش دەوێت و زۆر ڕاستگۆیانە لە ناخی دڵەوە مومارەسەی خۆشەویستی لەگەڵ منداڵەکانیان دەکەن، گەرچی ئەو خۆشەویستیە وەک جۆرێک لە هەستی لێپرسراوێتی وایە و مانای دڵسۆزیشە، فرۆم لەو بارەیەوە دەڵێت[٣] (سەبارەت بە دایک و منداڵ، زیاتر بە مانای دڵسۆزیە بۆ پێداویستی منداڵەکەی). فرۆم زیاتر لەسەر شیکاری خۆشەویستی دایکانە دەڕوات و نهێنی یەکانی ئەو خۆشەویستی یە ئاشکرا دەکات و خۆشەویستی دایکانە، بۆ منداڵ، بەهرەیەو مایەی خۆشحاڵی و ئاسودەیی منالەو خۆ ئەگەر منال ئەو خۆشەویستی یەی نەدرێتێ، ڕەنگە کاری نەگەتیفیانە لە سەر سروشتی گەشەکردن و پەروەردەکردنی بکات و ماکەکانی شەڕانگێزی و وێرانکاری لە سایکۆلۆژیەتی دا جێگیر ببێ و جوانیەکانی جیهان ئاوا ببن و دەڵێت[٤] (خۆشەویستی دایکانە بەهرەیە

هێمنی بەخشە پێویستی بە بڕوانامە نی یە، پێویستی بە شایستە بوون نی یە. بەلاّم لەگەلّ هەموو ئەمانەش دا سروشتی بیّ قەید و شەرت بوونی خۆشەویستی دایکانە، لایەنێکی نەگەتیڤی هەیە، ئەم خۆشەوستی یە نە پێویستی بە شایستەگی هەیە و نە بەدەست دەهێنرێت، نە دروست دەکرێت، نەڕێکدەخرێت. ئەگەر هەبێت مایەی بەختیاریە، ئەگەر نەشبێت ئەوا وەک ئەوە وایە کە هەموو جوانیەکانی جیهان ئاوا بووبێت).

فرۆم زۆر بەقوڵی هەوڵی داوە قسە لەسەر چەمکی خۆشەویستی بکات و لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤ داو هۆکارەکانی دەست نیشان بکات و پاڵنەرەکانی ووزەی خۆشەویستی لای مرۆڤ هەڵبسەنگێنیّ و لە نەبوونی خۆشەویستی دا، چۆن مرۆڤ دووچاری دابڕان و تەنهایی و نامۆ بوون دەبێت و لەجیاتی خۆشەویستی هەستەکانی بەرەو وێرانکاری و ڕق ئاراستە دەبن و ئەمەش پەیوەندی بە قۆناغی منالّیەو سەرەتای پەروەردەکردنی مرۆڤەوە هەیە. واتە ئەو منالّە چۆن لەمنالّیەوە پەروەردە بکەیت،

ئەو پەروەردەیە لە سایکۆلۆژیەتی دا دەچەسپیّ و دواتر، لە کەسێتی دا ڕەنگ دەداتەوە، کەبەکام شێواز پەروەردە کراوە، فرۆم تەئکید لەوە دەکاتەوە دروست بوونی ڕق پەیوەندی بە نەبوونی خۆشەویستی دایکانەوە هەیە لەسەر منالّ، ئەو منالّەی بێبەشە لە خۆشەویستی دایکانە، بە دڵنیایی هیچ سۆزو خۆشەویستی یەک لە دڵی دانییە بەرامبەر بە ژیان و مرۆڤایەتی و کەسێکی توندو تیژ و شەڕانگێز دەردەچێت. بالاّبوونی خۆشەویستی لەلای مرۆڤ لەقۆناغی منالّیەوە دەست پێدەکات، گەرچی ئەو لەوە تێناگات، بەلاّم خۆشحالّ دەبێت و کە قۆناغی منالّی دەبڕێت ئینجا لەوە تێدەگات، کە قۆناغێکی نویّ یە لە خۆسویستنەوە بۆ خۆشەویستی خەڵک. فرۆم دەڵێت[٥] (بۆیە کەمین جار لەژیانی منداڵ دا مەسەلەی خۆشەویستی لە خۆشەویست بوونەوە دەگۆڕیّ بۆ خۆشەویستی خەڵک، واتە بۆ بەرهەم هێنانی خۆشەویستی، چەندەها سالّ درێژە دەکێشیّ تا ئەم هەستە سەرەتاییە بیتە خۆشەوستی یەکی پوخت و کاملّ). دوای قۆناغی منالّی خۆشەویستی دەچێتە قۆناغێکی تر و ئەو ڕوانگەیەی، کەمندالّ فێری بووە، زیاتر بریتی بووە لە وەرگرتن، بەو مانایەی خۆشەویستیان پێبەخشیوە، بەلاّم قۆناغی دووەم بەخشینەو دەبێت خۆشەویستی ببەخشێتە خەڵکی تر، ئەوە بەشێکە لە سروشتی دروست بوونی هەستی خۆشەویستی و لە قۆناغی دوای منداڵی دا ڕوانینەکان بۆ خۆشەویستی و دروست کردنی پەیوەندی، لە سایکۆلۆژیەتی مرۆڤ دا بالاّتر دەبێت و تەنها لەیەک لایەنەوە سەیری هەستە دەرونیەکانی ناکات و بگرە بەهۆی بوونی، وەک تاکێک لە ناو کۆمەڵگاداو بوونی پەیوەندی کۆمەلاّیەتی بە خەڵکەوە، بە جیاوازی ڕەگەزو ڕەنگی پێستەوە، فێری ئەوە دەبێت چۆن گوزارشت لە هەستەکانی بکات و دەریان بڕێت، ڕاستە یەکەمین قۆناغ بۆ فێربوونی منالّ لە باوەشی دایکیەوە دەست پێدەکات و پەروەردە دەبێت، بەلاّم دواتر کۆمەڵگا سەنگی مەحەکە بۆ ئەوەی ئەو منالّە تاقی بکاتەوە کەچی فێر بووە، کاتێک تێکەلّ بە چوار چێوەیەکی فراوان تر لە خێزان دەبێت، ئەوە ئاشکرا دەبێت کە ئەو هەڵگری خۆشەویستی یە، یاخود شەڕانگێزی و دلّ ڕەقی.

پێویستە ئەوەش ئاماژە بکەین، کە خێزان ڕۆڵی کاریگەری هەیە لەسەر مرۆڤەکان و پەروەردە کردنیان و دانانی سنوری حەلاّو حەرام و چاندنی سیفاتی توندو تیژی، کاتێک منداڵێک لە ناو خێزانێکدا پەروەردە دەبێت، ئەو خێزانە لە ژیانێکی پڕ لە ناخۆشی و شەڕو ئاژاوەی بەردەوام دا دەژین، ئەو

منداڵەی لە ناو ئەو خێزانەدا با خۆشەویستی پێببەخشرێ، بەڵام لایەنی دووەمی کە شەڕو ئاژاوەیە کاردەکاتە سەر سایکۆلۆژیەتی و لە کەسێتی دا ڕەنگ دەداتەوە..

لەگەڵ ئەوەی، وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد دایک فێری منداڵەکانی دەکات کە هەستی خۆشەویستیان لا دروست ببێت، بەڵام دەبێت ئەوەش لە بیر نەکەین، بە درێژایی مێژووی دروست بوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ژنان بوون هەستی خۆشەویستیان بەخشیوە بە پیاوان و پیاوان وەرگر بوون.

**سەرچاوەکان :**


١- نامەیەك دەربارەی عیشق جوانترین بەهرە — ن — پائولوکوئیلۆ — و — عمران هاواریی لا ٢٨.

٢- ئینجیلی مە تا ٥/١٩ و ٦لا١٩.

٣- هونەری خۆشەویستی —ن- ئەریك فرۆم —و- عوسمان حەسەن لا٣٩.

٤ - فرۆم هەمان سەرچاوەی پێشو لا ٥٤

٥ - بەناوی ژیانەوە —ن- ئەریك فرۆم —و- ئازاد بەرزنجی لا١٥



Sarwar_kareem@yahoo.com
sarwarkareem@gmail.com